# یادێک لە کۆماری کوردستان و سڵاوێک لە گیانفیدایانی کۆمار

## نووسینی: کەریم دانشیار

کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە ماوەی یازدە مانگی نێوان ساڵانی (1946-1945 ) ، بە ناو و ناوەڕۆکی کوردستانێکی سەربەخۆی خاوەن سەرۆک کۆمار و دەستەی وەزیران و هێزی میلیشای گەلی و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی وئەدەبییاتی تایبەت و...، لە مەڵبەندێکی بچووکی کوردستانی گەورەدا دامەزرا و یەکەمین مۆمی تەمەنی خۆی داگیرساند. دامەزرانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی بەند بوو بە هەلومەرجێکی تەواو تایبەتیی جیهانیی ئەو سەردەمە، بەڵام بەدوور لە هەڵسەنگاندنێکی تەواو زانستیش دەبێت ئەگەر مۆرکی ساز کراوی دەستی دەرەوەی لێ بدرێت و بەرژەوەندییەکانی یەکێک لە زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی بۆ بکرێتە بەردی بناغەی ساز بوونی. ئەگەرچی ئەم چەشنە دید و بۆچوونە لە گوتەو گوتاری دوژمنانی نەتەوەی کورد دا هەیەو لە زار و زاراوەی فشە دۆستانی کوردیش دا بەردەوام لە کاوێژ کردنەوە دایە، بەڵام هەوڵ و دەولی هەر دووک لایان هەر نەک قەت نەبوونەتە تۆپەڵێک قوڕ و هەرگیز بەری تیشکی هیچ هەتاوێکیان پێ نەگیراوە، بگرە بێچارەگی و کەم مایەبوونی لە ڕادە بەدەری خاوەن بۆچوونەکانیشی بە ئاشکرا دەرخستووە. ئەگەرچی ئەم دیدو بۆچوونانە پەنجەرەیەکی ناپاکیش بەسەر چۆنییەتی ساز بوونی کۆمار دا دەکەنەوە و کراسی کارتۆنی و داتاشراو بوونی دەبەر هەڵدەدورن، بەڵام مێژوو بەپێچەوانەی بۆچوونی چەوتی نەیارانی کورد، ئەمە ڕادەگەنێت کە کۆماری کوردستان جەوهەر و کریستالیزەیەکی تەواو عەیاری خواست و ویستی میللەتێکی دابەشکراوی ژێر دەستەیە، کە هەر دوا بە دوای داوەشان ولێک بڵاو بوونی ئیمپراتوورییە مەزنەکانی سەردەم و بە دوای کۆتایی هاتنی دوو شەڕی مەزنی جیهانی، دەگەڵ یەکەمین دەنگ و دەوی بانگەوازی ناسیۆنالیزم، بە مافی نەتەوایەتی خۆی ئاشنا بووە و لە هەلی ڕەخساودا خۆی نیشان داوە. نموونەی هەموو ڕاپەڕینەکانی سەرانسەری کوردستان، هەر لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (1880)ی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و هەتا دامەزرانی کۆمار، بۆ سەلماندنی ئەم باسە بەس. تەنانەت هەر پێش لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە بەشی ژێرحوکمی ئێراندا تێکۆشانێکی تەواو سیاسی و تەواو نهێنی و بەشێوەیەکی نوێ، بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوونی هەموو کوردستان لەئارا دا بووە. ئەو بزووتنەوەیە، بناغەو ئەساسی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ- ک)ی لێ ساز بووە. کۆمەڵەی(ژ- ک)، کە شوێنی لە دایکبوون و پەروەردە بوونەکەی ئامێزی گەرمی خەڵکی وڵات بووە، لە باری نەفسی و ڕەوانییەوە وەک بڕبڕەی پشتی نیشتمانەکەی ژمێردراوە. پلاتفۆڕمی سیاسی و ستراتیژیی کۆمەڵە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی خواست و ویستی خەڵکی وڵات بووە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەنێو دڵی کوردی سەردەمدا پلە و پایە و ڕێزێکی فرە تایبەتیی هەبووە. هۆی خۆشەویستی و ڕێزی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵەی (ژ- ک) دەکرێ لەم نوشتە پێچراوەیە دا بدۆزرێتەوە کە (کۆمەڵە) یەکەمین ئۆرگانیزاسیۆنی نێوباغەڵی شارستانییەتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کە بۆ یەکەمجار دەستی داوەتە ڕێکخستن و سازماندانی جەماوەرانی شار و گوندەکانی کوردستان. کۆمەڵەی(ژ- ک)، درێژەدەری مێتۆدی دوو حیزبی (خۆیبوون لە باکووری کوردستان)و (هیوا لە باشووری کوردستان) بووە. تەنەنەت ئەگەر نەکەومە بەر توانجان، دەتوانم بڵێم لە درێژەی پرۆسەی سازبوونی ڕێخراوەیی بە شێوازی نوێی شارستانیدا، کۆمەڵە لە زەمانی خۆیدا دەکەوێتە سەر ترۆپکی گەشەی باڵا. هەر سێ ڕێخراوەی ناوبراو، بیری کوردایەتی و بە ڕەسمییەت نەناسینی سنوورە دەسکردەکانیان لە ساختار و بناغە دا دیارە. بەڵام لەباری چاکسازی باری ئابووریی کۆمەڵگاکان و لە بواری بەرنامەی (ئیسلاحات)و هەڵتەکاندنی سیستەمی داسەپاو، نەگەیشتوونە قەناعەتێکی چارەساز. کۆمەڵەی ژێکاف لە پرۆسەیەکی ئاهەنگینی مێژوویی خویدا دەگاتە ئەو پلە و پایە بەرزە، کە بۆ ئەنجامی وتووێژی چارەنووسی کورد

دوو جاران ڕەوانەی یەکێتی سۆڤییەتی دەکرێت. بەڵام لە دەوری دووەمی وتوویژەکاندا، لەسەر ویستی پێداگرانەی(باقرۆف)ی سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤییەت، نێوی کۆمەڵە لادەچێت و نێوی حیزبی دێموکڕات جێی دەگرێتەوە. هەرچەند کە ئەم جێ گۆڕکێ و نێو گۆڕینە لە ئەدەبییاتی کوردیدا دید و بۆچوونی جیای داناوە، بەڵام بە داخەوە بۆ هەندە هەلپەرستێکیش بووەتە کسب و پیشە و، بە نرخی ڕۆژ نانی لێ دەخۆن. بەڵام ئەوەیکە مێژووی خوێناویی کوردستان پێمانی دەڵێ ئەمەیە کە:« (خۆیبوون)چڕایەک بوو لەباکووریماڵمان هەڵکرا. بۆ سبەی شەو چرای(خۆیبوون) ڕەوانەی ماڵی باشوورمان کرا و خەڵکی باشورمان دەستی ڕاست و چەپییان لە بەر ڕۆشنایی چراکەدا لێک کردەوە. شەوترا دی لە ماڵی باشوورمان ڕاگوێزرایە بەری ڕۆژهەڵاتی وڵاتمان و هەر لەوێ گڕی گرت و لە دڵی گڕی چرای(خۆیبوون و هیوا)دا چرای جمهووریمان داگرسا. پێداگرتنی(باقرۆف)ی نوێنەری خاوەن دەسەڵاتی ستالین بۆ گۆڕینی نێوی کۆمەڵەی(ژ- ک)بە دێموکڕات، ڕەنگە و لەوانەیە توانیبێتی چەند کەسانێکی لە سەدری سەرکردایەتیی کۆمەڵەی(ژ- ک) تووڕە کردبێت، بەڵام بەباوەڕی من ئەو پێداگرتنەو ئەو سەلماندنە هەر ئەوەی خراپ بووە، کە خەڵکی ئەو سەردەمەی کوردستانی لە (ب)ی بیسمیلڵاوە فێری شێوەملدانێکی بەخشکەیی کردبێت و، ڕەنگە ئەو کردەوەیە ئەم ئایەتە ئاسمانییەشی دە گوێی خەڵکاندا سرەواندبێت کە بەڵێ تەنەنەت لە قانوونی کۆمەڵایەتی و سیاسیش دا دەکرێت بە ئارەزووی دڵ، نێوی ڕێخراویی سیاسی وەلابچێت و نێوی تر جێی بگرێتەوە، بەبێ ئەوەیکە باری نەفسی و ڕووحی خەڵکان لەبەر چاو بگیریت. کۆماری کوردستان لەسەردەمێکدا یەکەمین مۆمی تەمەنی خۆی داگیرساند، کەجیهانی ژێر چنگ وچۆکی کاپیتالیزم لە یەکجەمسەری و یەک ئۆردووگاهی تراز بوو؛ دەوڵەتی پرۆلیتار لەوڵاتی شۆڕاکاندا دامەزرا بوو. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی کمونیزمی لێنینی لەئاست خەباتی ڕزگاری خوازیی نەتەوە ژێردەستەکانی سەرانسەری جیهان بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە دینامیزمی بزووتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان جەوهەری دژ بە ستەمگەرانی تێدایەو لە ئاکامدا دژی بەرژەوەندییەکانی کاپیتالیزم هەڵدەگەڕێتەوە، کەوایە هومێدی بۆرە خزمایەتی و بە دەستەوە گرتنێکیان لێ دەکرێت. گەلانی ژێرستەمیش بە دەنگ و ئاهەنگی کۆترانی خۆش پەیامی وڵاتی شۆڕاکان ڕاپەڕیبوون و هومێدی دەسگرتن و پشتگیرییان لەدڵ دابوو. بەڵام لەو لاویشەوە جیهانی کاپیتالیزم هەموو هێزو وزەی ناسیونالیزمی نەتەوە باڵادەستەکانی وەک دەسکەلڵایەکی تێکدەر، لە دژی کمونیزم گرتبوویە دەست و دوو حەریفی زەبەلڵاح بەم دوو مۆرەیە خەریکی تاس تاسێن و نەردێنی جیهانی بوون. تەفاوەت وجیاوازیی دوو تەوەرەی دژبە یەکی جیهانی لەئاست بە دەستەوە گرتنی (ناسیۆنالیزم)، ئەگەرچی لە بواری چنینەوەی بەرژەوەندی ولە باری قازانج لێوەرگرتنەکەیان، یەکسان و هاوتەریبی یەکتر بوون، بەڵام کاپیتالیزم گەلێک خزمەتگوزارانەتر و پاشەڕۆژ بینانەتر لە کمونیزمی لێنینی، پشتی دەسەڵاتی حکوومەتە نەتەوەییەکانی گرت و گۆپاڵی خۆی قووڵتر لە زیخی مەڵبەند دا چەقاند.. نموونەی وڵاتانێکی کە دوای کۆتایی شەڕی یەک و دووی جیهانی لەسەر ئەساسی حکوومەتی نەتەوەیی ساز کران و نانی کاپیتالیزمی سەردەمیان بە ڕۆنی گیانی گەلانی ژێردەستەچەور کرد، دەکرێ ئاماژە بە ئێران، عێراق، تورکییە، سوورییە بکرێت کە هەر لە سەرەتای سازبوونیانەوە ماشێنی (ئاسیمیلاسیون)ی نەتەوە باڵادەستەکانی ئەم وڵاتانە، دەستی کرد بە هەنجنینی گۆشت و ئێسک و پێستی نەتەوە ژێردەستەکان و هەتا هێستایش هەر لە بەردەوامی کاری خۆی دایە. کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە هەلومەرجێکدا خۆی بە نەخشەی جوغڕافیایی جیهان ناساند، کە زۆربەی هەرە زۆری نەتەوە ژێردەستەکانی ژێر ستەم، لە هەوڵ و هاتی ڕزگاربووندا بوون؛ دیار و ئاشکرایشە کە گەلی کوردیش وەکی گەلانی ژێردەستەی ئەودەم، لەو هەوڵ و هاتەدا، چاوی هومێدی بە موتووڕ و دینامۆی وڵاتی شۆڕاکانەوە گەش بوو. لە نێو گەلانی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، دوو نەتەوەی کورد و ئازەری کە مەبەستی قسەمانن، لە ئێرانێکی ئۆلیگارەشی دا یەکەم هەنگاوی پچڕاندنی بەند و زیندانی مەزنترین و کۆنترینی ئیمپڕاتووریای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، واتە ئێرانیان هەڵێنایەوە. کورد و ئازەری لە عەینی کات دا کە خشتێکیان لە

کۆشکی دیکتاتۆریی ئێران داڕووخاند، لەهەمان حاڵیشدا وەک ڕەمزی ڕزگاری و وەک شاکلیلی کردنەوەی قفڵی زیندانی گەلان، خۆیان بە گەلانی ژێردەستەی مەڵبەند ناساند. سەرانی دوو کۆماری تازە دامەزراو، بە مەبەستی دەسکەوتنی پشتیوان، ڕوویان لە وڵاتی شۆڕاکان کرد. بەڵام هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتندا دەرکەوت کە میزان و تەرازووی سۆڤییەتی لە دەمی هەڵکێش داکێش کردندا بۆ هەندە میللەتێکی ڕاپەڕیو، لار و خوار دێتە کایە و هەروەها نواندیشی کە دەرگای ئەم بەهەشتە پڕ لە بەختیارییە بۆ هەموو کەسان یەکسان ناکرێتەوە، بەڵام پێ داکرتنی(قازی)و پاساوی بێهوودەی «باقرۆف)، ئاخرسەر مۆرێکی نا بەدڵی لە کارنامەی کۆماری کوردستان چەسپاند و هەر دووک نەتەوەی کورد و ئازەری شان بە شانی یەکتر دوو کۆماری دێموکراتیکیان بنیاد نا. لە کۆماری کوردستاندا حیزبی دێموکڕات و لە کۆماری ئازەربایجاندا فیرقەی دێموکرات کەوتنە سەر حوکم . کوردستان وڵاتێکی پان و بەرینە. پانتایی و تەواوییەتی خاکی کوردستانی گەورە، لە نەخشەی جوغرافیایی پشت سەری سەرۆک کۆماری کوردستان، واتە لە نووسینگەی کاری پێشەوا قازی محمد دا نیشانی دەدا کە ڕێژە و ڕادەی مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی کۆمار بە نیسبەتی قەوارەی هەموو خاکی کوردستانی مەزن، یەک لە سەر سەتیش نایەتەوە. بەڵام هەر ئەو دەم کە کۆمار دامەزرا، پاشماوەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە موکریانەوە هەتا ئیلام و لۆڕستان، هەر ئەوەندە کەم و بێ دەست و پێ و هەر هیندە پەڕپووت و بێ بژیو و بە ڕادەیەک بێ جەرگ و بێ وزە و هەترەش چووبوون، کە بە بایەک هەڵدەتەکان و دەکرا بە دەنگی نرکەی(کوڕە دادە)یەکی چاوسووری جیهانیمان بەشێکی هەرە مەزنی خەڵک و خەڵکی کوردستان لەم ڕزگاربوونە دا ڕزگار بکرێن. بەڵام ئەو بایەی کە دەبوایە لەبەری باکوورەوە بەسەر کوردستاندا گوزەری بەخێری بکردایە، گوایە ئاستەنگی لەبەر بوو و نەیکرد. ئەو هەرنەک ئەمەی نەکرد، تەنانەت بگرە سەیرێکی سەرپێیشی بەسەر ژێرخانی ئابووریمان دا نەکرد. دوو کۆمارەکان پارە و دراوی خۆماڵییان نەبوو.ئەگەر پارە و دراوی بەردەستانیان بەهۆی دەستێکی ناپاکەوە لە کون و کەلێنێکەوە دەرچووبایە، واوەیلایان دەبوو لە دەست مافنگی. سەرەڕای ئەمە، کورد دانەوێڵە و تووتن و چەوەندەر و ئاو و چەم و ماسی و مێرگ و لێڕەوار و ئاژەڵ و پاتاڵ و دەیان شتی تریشیان هەبوو کە هەموو ئەو کەلوپەلە خاو بوون و بۆ پەروەردەکردن و بۆ بوون بە(کاڵا) ، نیازمەندی کارگە و فابریک و ڕێگا و بان بوون. دەکرێ بگوترێ ئەگەر هەر لەو ماوە کورتەدا لە جیاتی چەک و چۆڵ، یەک لە سەتی کەرەسەی خاوی دوو کۆمارەکان بە باوەشی گەرمی کارگە و فابریک شاد بوویایەن و وەک (کاڵا)ی پەروەردەکراو دە بازاڕ کرابایەن، خەڵکی شار و لادێکانی هەر دوو کۆمارەکان، بەچنگ و ددان، بستا و بستی سەرزەمینی ئازادکراویان وەک بیلبیلەی چاو، لە مەترسی هێرشی دوژمن دەپاراست، بەڵام بە مەرجێک ئەگەر یاریکاری جیهانی ئەمەی لە بەرنامە دابایە. بەڵام لەم بارو بابەتانەوە هەر هیچ دەرویەکی بەخێرمان بۆ نەکرایەوە؛ ئەشەمبیلڵا ئەوەی پێمان بڕا، چەک و چۆڵێکی سەر دەستانمان بوو کە دوژمن هات و پشتیوانی هەردوو کۆمار هەڵات و هەرچی بوومان لە دەستمان چوو... بەڵام سەرەڕای هەموو کۆسپێک و بە هەموو بێکەسی و بێدەرەتانیشمانەوە، هەر لەو بەشە کوردستانەی کە ناوی خۆشناوی کۆماری پێ برابوو، دەرگای ماڵی کورد بە ڕووی دانیشتووانی هەموو کوردستانی مەزن دا واڵا و ئاواڵە بوو. خوانێکی کەرامەتمەندانەی دڵ و دەروونکراوەوەی دڵاوا بوو. کێ لە کوێ ڕا هاتبایە، چ خەم نەبوو؛ هەر بەس کورد بوایە و باش بوایە و بێ گورگە بوایە. ئەو سەردەمەی کە کۆماری کوردستان دەیەویست خۆی بە(خەریتە)ی جیهانی بناسێنێت، چەشنی گوزەران و ژیانی ئابووریی هەموو خەڵکانی مەڵبەند، وێنە و شێوەیەکی نیوە(شوانی)ی بوو. دەرەبەگایەتی لە دێهاتدا دەسەڵاتێکی ڕەبەقی سەر تەوقی سەرانی هەبوو. بەرهەمی ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بەشێک لەخەڵکی شارەکانیشی لە ژێر حوکم و فەرمان دا ڕاگرتبوو. واتە ئۆتۆریتەو زیپکی ئاغاوات هەم لەشارو هەمیش لە دێهاتدا جێگایەکی بەرچاوی هەبوو. هەر بەپێی ئەم زیپک و دەسەڵاتەش، ئاغا دەیتوانی لە بەشی باڵای کۆمار دا نەخشێکی چارەنووس سازی هەبێت. واتە باشبوونی (ئاغا) بەو مانا تەواو دەبوو کە خزم و دیوناسانی، ژێردەستانی و تەنانەت بەشێک لەخەڵکی شاریش لە سای باشبوونی ئاغا دا

باش بن و دۆستی کۆماربن. به پێچەوانەش، (جاش) بوونی ئاغایەک کارکردێکی پیس و نیگەتیڤی دەخستە سەر جەستەی لاوازی کۆمەڵگاکە و کۆماری پێ کز دەبوو. سەرەڕای ئەمە، پلەو پایەی ڕۆشنبیری و جیهان بینیش لە ئاستێکی زۆر نزم دا بوو.خوێندەواری و خوێندەواران هەر هێندە کەم بوون، کە بە پەنجەکانی دوو دەست دەژمێردران. بەشێک لە شێخ و کۆلکەمەلا وئاغاواتیش هەر لە سەرەتای کارەوە هەتا ملان دژ بە بەرنامە و بیری چاکسازیی کۆمار بوون. بۆ وێنە کردنەوەی فێرگەیەک بەنێوی قوتابخانەی(گەلاوێژ) و کردنەوەی دەرگای مەدرەسە بە ڕووی ئافرەتان دا و بەتایبەت پێکهێنانی یەکێتی ئافرەتانی کورد، زەمزەمەی (فتوا)ی ئایینی بە دوا داهات و ئەم فتوایەش بۆنی شەڕ و تامی دژایەتی دەگەڵ کۆماری بە سەر گەلدا بڵاو دەکردەوە. ئەوانەی گوتران لەلایەک و هەندە ئاغاواتێکیش کە لە ژێرەوە دەگەڵ تاران سازا بوون، پێش هەنگاوی کەسانی هەلپەرست و ترسنۆک و ڕاڕا و ناڕاستیان بۆ خلیسکان خۆشتر دەکرد. هێزی چەکداری کۆماریش کە بریتی بوون لە هێزی پێشمەرگەی گیانفیدا لە ناوچەکاندا و هێزی سوارەی عەشایر، هەرخۆی لەخۆیدا چەشنە چەند کەسایەتییەکی نیزامییان تێدا دیار بوو؛ هێزی پێشمەرگە هەر ئەو گەنج و لاوە خوێن گەرمانەی شار و لادێکانی کوردستان بوون کە لە ڕاستیدا تەوەرەی سەرەکیی میلیشیای جەماوەرییان پێک دەهێنا. هێزی بارزان، واتە هێزی شەڕکەری هەژار بەلام دڵگەرمی چاوتێر- هێزەکانی شکاک، هەرکی، جەلالی و موکریانی کە هەر یەک لەو هێزانە بەپێی ڕادەی وەفاداریی سەرۆکەکانیان بە کۆمار، پلەی گیانبازیی ڕاستەقینەیان لە پلیکانی بەرز و نزمدا هێستایش دیارە. بوونی ئەم چەند کەساییەتییە لە هێزی چەکداری کوردستاندا ئەم تەبیعەتەی لێ بەرهەم دەبوو کە بانێک و چەند هەوا بێت و هەر فەرماندەرەی بە سازی خۆی سەمایەک بە کۆمار بکات. بۆ نواندن و نیشاندانی کارکردی ناحەزی بان و چەند هەوای هێزی چەکداری کۆماری، دەکرێ پەنجە بەرەو شەڕگەی بەرەکانی هێرش و بەرپێگرتنی هێرشی دوژمن ڕابدێرین ؛ لە هەندێکیاندا ئازایەتی و سەداقەت بە ئاشکرا دیارە و لە هەندێکیاندا نا. ئەوەی ئاشکرایە بۆ مێژو، بەرچاوترین و جێی متمانەترینی هێزی ڕەزمەندەی کۆمار، هێزی بارزان بوو. کۆسپی هەرە قورس و جگەربڕی کۆمار، کە دایک گەرای سەرپاکی تەگەرە و مافەتەکانی گیانی خاوێنی کۆمار بوو، نەبوونی داهاتوویەکی ڕوون و پڕ لە دڵنیایی باری ئابووری وڵات بوو. لە ڕاستیدا ئەگەرچی دەنگی کۆمار ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ هەراوتر دەڕۆیشت و کوردی هەموو کوردستان خۆی بۆ دەکوتا، بەلام لە باری داهات و دەسکەوتی ئابوورییەوە، چەند شار و شارۆچکە و لادێکانی ژێر دەسەلاتی کۆمار، دوڕگەیەکی گەمارۆدراوی ژێر سەیتەرەی چەندین دوژمنی دەرەکی و کۆگایەک ستوونی پێنجەمی بێگانەی خۆماڵی بوو. گرێدراویی باری ئابووریی کۆمار بەداگیرکەرانەوە بە ڕادەیەک بوو، کە خۆ لێ دزینەوەی لە کردندا نەبوو. تاقەڕێگای ئازاد و بێ لەمپەری کۆمار دەگەڵ دنیای ئازاد، بەس لە ڕێگای ئازەربایجانەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی مەیسەر بوو، کە ئەویش بە هەیهاتێکی نادیار حیساب دەکرا. کۆسپی سەر ڕێگای بووژانەوەی ئابووریی کۆمار، داسی ڕمانەیەک بوو کە زۆر زوو توانی سەرجەم پرۆبلێماتەکانی تر لە دەوری خۆی بهاڵێنێت و سەرچاوەی دەراوە ڕوونەکان لێڵ بکات. خۆ دیارە و ئەگەرچی بەرنامەی چاکسازی(ئیسلاحات)، یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمار بووە، بەلام وا وێدەچێت کۆماریستەکان و لە سەرووی هەموویاندا خودی پێشەوا قازی محمد ، لە هەڵسەنگاندنی چینایەتیی کۆمەڵگاکەیان وبەدوای لێکدانەوەیەکی ژیرانەی هەمە بابەتیدا، دەبێ بەرنامانەی چاکسازی و دەست تێوەردانی بنەڕەتییان بۆ کاتێکی بەجێ ڕاگرتبێت. شایانی باسە بگوترێت کە حکوومەتی ئازەربایجان هەر لە سەرەتای کارەوە بەرنامەی چاکسازییان دەست پێکرد؛ ئاکامی ئەو دەستپێکردنە ناوەختەش وا مەزەندە دەکرێت کەهەر لە دەسپێکدا دوژمنانێکی زۆری لێ کەوتبێتەوە؛ بەچەشنێک کە حکوومەتی تاران هێشتا لە ڕێزەکێوەکانی (قافلان کێو)ەوە تێپەڕ نەبووبوو، کەخەڵکی ئازەری ئەساسی کۆماریان تێکەوە پێچا. لەحاڵێکدا لەکۆماری کوردستاندا هەر نەک ئەمە ڕووی نەدا، بگرە ڕووخانی کۆمار، زەربەیەکی یەکجار زۆر گرانی نەفسی و ڕووحی بوو کە لە خەڵک کەوت. تەنانەت هەر ئەو دەمەیش کە کۆماری کوردستان بە ڕواڵەت و

به شێوەیەکی فیزیکی لە بەر چاوان هەڵگیرا، کۆمار و یادی کۆمار بەچەشنێک کەوتە نێو دڵان کە باوک داستانی کۆماری بۆ ڕۆڵە گوتەوە و ڕۆڵەش بۆ جیلی داهاتووی گێڕایەوە. کۆماریکوردستان بە وزە و هێزێک کەوتە سەرڕێ ، کە موتوڕ و دینامۆی (خۆیبوون)، (هیوا) و (ژێکاف) خستبوویانە نێو جەستەی جەماوەرانەوە. کەرەسە و ئامرازێکی کە (ژێکاف) بە هەڵوێستە ژیرانەکانی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕێکی خستبوون، لە بناغەی کۆمار دا دەکار هاتن. (ژ- ک) خەونی بە کۆماری کوردستانەوە دەبینی، بەرهەمی نەسرەوتنەکانی ژێکاف کۆماری بەرهەم دا.

کۆماری کوردستان لە دەم و سەردەمێکدا بەهاری تەمەنی خۆی ڕاگەیاند، کە ڕێبەندان بوو. ڕێبەندان هەڕەتی دابارینی بەفری گران و دەمی ڕێ گیرانە. ئەو سەردەمەی کە باخچۆڵەی کۆمار گوڵی سووری بەرهەم دا ، هەر بەس دەم و کاتی ڕێبەندانی زستانی نەبوو؛ ڕێبەندانی ڕێگری و سەردەمی ڕاو و ڕووتی گەلانی ژێر دەستەش لە جیهان دا باو بوو. کاپیتالیزم توێژی تەنگی جارانی پچڕاندبوو و لە سنووری ئەمپڕیالی و جیهانخۆری خۆیدا، چاوچنووکانەتر لە جاران خەریکی هەڵ لووشینی هەموو جیهان بوو. کورد و هەموو گەلانی ژێر ستەمیش، بەدەنگی کۆترانی خۆش پەیام ڕووی هومێدیان کردبوویە ڕووگەیەک کە دەگوترا پردەبازی نەجاتە. کورد و ئازەری پێکەوە ڕوویان کردە ڕووگەی نەجات. لە کاتی گەڕانەوەیاندا ، قازی گوڵی سووری کۆماری بۆ(خۆیبوون)، بۆ (هیوا) و بۆ (ژێکاف) بە دیاری دەهێنایەوە. بەڵام ئەرێ هەر ئەو دەمەی کە قازی دەست بە چەپکە گوڵەوە دەگەڕایەوە کوردستانەکەی، تۆ بڵێی پێی وا بووبێت بەڵێنەکانی کمونیزمی لێنینی هاوتەریب و هاوسەنگی قەرارە ناپایەدارەکانی خواوەندانی سەرمایە نەبووبێت ؟ بووبێت یان نا؛ کورد کۆماری بنیاد نا. بنیادی کۆمار شەقڵی ئەبەد زەمانی لە خەرمانی مێژووی مرۆڤدا لێدا و ئیتر نەمانی مەحاڵە.